# رێكخراوی (UNOPS) لەگەڵ وەزارەتی مافی مرۆڤ
# پرۆژەی رەوشی زیندانیان ئەنجام دەدەن



بۆ زیاتر برەودان بە پەیوەندییەكانی نێوان وەزارەتی مافی مرۆڤی حكومەتی هەرێمی كوردستان و رێكخراوی (UNOPS) لە پێناوی جێبەجێكردنی بەرنامەی پاراستنی مافی گلدراوەكان و قوربانیانی ئەشكەنجە لەسەردەمی رژێمی پێشووی عێراق، ئەمڕۆ 2008/8/26/ لە نوسینگەی تایبەتی خۆی بەرێز د.شوان محمد عزیز وەزیری مافی مرۆڤ پێشوازی لە خاتوو (عەبیر مەندەلاوی) لێپرسراوی بەرنامەی مافەكانی مرۆڤ لە رێكخراوی ناوبراو لە كوردستان كرد.

لەم دیدارەدا پرۆژەی پارێزگاریكردن لە قوربانیانی ئەشكەنجە و پاراستنی گلدراوەكان كە لەسەردەمی رژێمی پێشوو دووچاری بوونە، تاوتوێ كرا.

ئەم پرۆژەیەش (3) ساڵ دەخایەنێ و هەرێمی کوردستانیش دەگرێتەوە و لە رۆژی 2008/9/15 کارەکانیان دەست پێدەکات.

تەوەرێکی دیکەی ناوەڕۆکی ئەم پرۆژەیە بریتیە لە چاودێریکردنی رەوشی بەندیخانە و زیندانیان و یارمەتیدانی یاسایی بۆ ئەو کەسانەی ماوەیەکە بەبێ دادگایی گلدراونەتەوە و ئەم رێکخراوە ئامادەباشی خۆی دەربڕی بۆ دانانی پارێزەر تا مامەڵەکانیان بەزوویی تەواو بکات و چارەنووسیان بەدیار بخرێ، هەروەها بریاریش دراوە کە مەڵبەندێکی ئامادەکردن بۆ ئەو کەسانەی کە لەسەردەستی رژێمی پێشوو دووچاری ئەشکەنجەدان هاتوون لەهەولێر و سلێمانی و دهۆک بکرێتەوە تیایدا پێداویستی پزیشکی و دەروونی-یان پێشکەش بکرێ و گەشتی خزمەتگوزارییان بۆ دابین بکرێ و وەرشەی راهێنانیان بۆ بکرێتەوە تاکو بتوانن لەم رێگایەوە سەر لەنوێ خۆیان بۆ ژیانێکی ئاسایی ئامادە بکەنەوە.

لەم رووەوە وەزیری مافی مرۆڤ هەموو ئامادەباشییەکی وەزارەتی راگەیاند بۆ سەرکەوتنی ئەم پرۆژەیە کە بڕیارە بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی و رێکخراوی (یونۆپس) ئەنجام بدرێ.